سەماحەتی حەکیم داوا دەکات کەرتەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیا ئەکتیڤ بکرێن



بەرێز ئەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە کەمەك خەپیشاندەرانی پارێزگای بابل کەوت لەوانەی داوای هەلی کار دەکەن، سەماحەتی دوای ئەوی گوێبیستی کێشە و خەمەکانیان بوو، گوتی کە عێراق لەژێر کاریگەری پێشهاتەکانی ناوچەکە دایە، گوتیشی گرنگترین کاریگەرییەکان هەلبەز و دابەزی نرخەکانی نەوت کە پەیوەندی بە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کپبوونی ئابووری هەیە و ئاماژەی کرد کە بودجە لەسەر بنەمای نرخی نەوت دانراوە لەسەر 80 دۆلار ئەوەش زیانی دارایی و وەیەانی ئابووری بەدوای خۆی دەهێنێت گەر نرخی نەوت دابەزێت و دووپاتیشی کردەوە کە پێشانی کارەکان دابین کردنی مووچە و بەجووە خستنی پەڕە گرنگەکانە ئەوانەی لەژێریەکی زەر ئەنجامدراون.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاپشتی کردنی کەرتی تایبەت و دابین کردنی هەلی کار و دووپاتی کردەوە کە دەبێت دەوڵەت واز لە داهاتی تاکە سەرچاوە بهێنێت و کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیا ئەکتیڤ بکات، ڕوونیشی کردەوە کە تەربوونی تەواو هەیە لە لەژێی فەرمانبەران لە دەوڵەتی عێراقی بەیش یاسای خانەنیشی پێویستە بە شێوەیەك بێت کە مافی فەرمانبەران زامن بکات، لەگەڵ گرنگی دادپەروەری لە دامەزراندن لەبەر ئەوەی بابەتەکە پێوەستە بە ڕزق و پەداویستی خەکیەوە.